# لەجیاتی دابینکردنی کارەبا، یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بە سەرکوت وەڵامی خەڵکی چوارقوڕنەو ڕانیە دەداتەوە!

شەوی 29ی‌ی حوزەیران‌و یەکەمین کاتژمێرەکانی رۆژی 30مانگ شەوی چونە سەرماڵان‌و زیندانیکردن بوو. دوێنێ شەو لەگەڵ بەرزبونەوەی دەنگی ناڕەزایەتی هەزارەها کەس لەخەڵکی ئازادیخوازی شارۆچکەی چوارقورنەو هەوڵدانی خەڵکی ناڕازی بۆ برەودان بە ناڕەزایەتی لەدژی نەبونی کارەبا، لەدژی گەندەڵی‌و ژیانی فیرعەونی بەرپرسەکان، دەنگ‌وباسی خۆپیشاندان‌و ناڕەزایەتی دەربڕین تەواوی ڕانیەی گرتەوە. بۆ پێش گرتن بە ناڕەزایەتی خەڵکی شاری رانیە هێزەکانی ئاسایش هەلدەکوتنە سەر چەندین ماڵ‌و 15 کەس دەستگیردەکەن‌و دەیانبەنە ئاسایش‌و تا کاتی نوسینی ئەم بەیانە لە ئاسایش زیندانیکراون. لەهەمانکاتداو لەدرێژەی هەمان سیاسەتی سەرکوتکەرانەی یەکێتی نیشتمانی دژ بە ئازادی‌و مافە سیاسییەکانی خەڵکی کوردستان، رۆژی 30 حوزەیران لەکاتێکدا کە لەم ڕۆژەدا ژمارەیەك لە بەیانەکانی حزب بەناوی" **لە گەرما دا لە نەبونی کارەبادا خەڵکی چوارقوڕنە خرۆشان‌و خۆپیشاندانیان کرد!**" لە نێو شاری ڕاینە بلاودەبێتەوەو کاریگەری دەکاتە سەر هەلومەرجی شاری ڕانیەو خەڵکە ناڕازییەکەی، هەر لەبەیانیەوە تاکو ئێوارە ئازاد ئەحمەد کەسایەتی ناسراوی شاری ڕانیەو ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە ژێر چاودێری توندی ئاسایشدا دەبێت‌و تا دواجار لەکاتژمێر هەشت‌و نیوی ئێوارەدا سێ کەس لە ئاسایشی ڕانیە دەچنە سەرماڵی ئازاد ئەحمەدو هەواڵی دەپرسن، بەڵام ئازاد لەماڵ نابێت. ئەمە شێوازی جولانەوەو رەفناری سوشیالست ئەنتەرناسیونالەکانی کوردستانە!! ئەمە ئەنجامێکی نوێی پرۆسەی چاکسازی یەکێتی نیتشمانی کوردستانە!! ئەمە دیسان پەیامێکی نوێی "حکومەتی یەکگرتووی کوردستانە!!" بەڵام ڕۆشنە کە ئەم دەسەلاتانەی بزوتنەوەی کوردایەتی، بە ترساندن‌و تۆقاندن‌و زیندانیکردن‌و تەقەکردن نەبێت، ناچێت بەڕێوە.

هەڵکوتانە سەرماڵان‌و ڕاپێچکردنی خەڵکی نارازی بۆ زیندانە تاریکەکانی ئاسایش، رەفتاو کاری بەعسیانەیەو زۆر بەتوندی مەحکومەو هیچ پاساو بیانویەك ناتوانێت قێزەونی‌و دواکەوتویی‌و سەرکوتگەری ئەم رەفتارو هەلسوکەوتانە بشارێتەوە. بۆیە پێویستە ئەو 15 کەسەو تەواوی ئەو هەڵسوڕاوو کەسانەی دیکە کە لە شارۆچکەی چوارقوڕنە گیراون، هەرهەمویان دەست بەجێ ئازاد بکرێن‌و هیچ پاساوێك نیە بۆ هێشتنەوەی ئەو کەسانە بۆ یەك کاتژمێریش. دەستەکان‌و بیانوەکانی دەسەلاتداران هەمووی کەشفن. لەهەڵەبجە لەدوای خۆپیشاندان‌و سوتاندنی مۆنۆمێنتەکە زیاتر لە 80 کەس گیران لە ژێر ناوی ئەوەی " لەگەل دەستێکدان‌و تیرۆریستن" بەلام دواجار هەرهەموویان ئازاد کران، کە نیشانەی ئەوەبوو ئەو هەموو "دەست‌و پروپاگەندانە" کە دروستیان کردبوو، هەرهەمویان بیانو بون بۆ سەرکوتکردنی خەڵکی نارازی کوردستان.

پێویستە لەسەر یەکێتی نیشتمانی کوردستان‌و "حکومەتە یەکگرتوە"کەیان، بەزوترین کات وەلام بداتەوە بە خواستەکانی خەڵکی کوردستان، لەدابینکردنی کارەبای 24 سەعاتەوە بگرە تاکو بە رەسمی ناسین‌و بە یاسایکردنی ئازادییە سیاسی‌و فەردی‌و مەدەنیەکان‌و تادەگاتە زیادکردنی موچەی فەرمانبەران‌و مامۆستایان‌و کرێکاران...خەڵکی کوردستان پێویستی زیاتر بە یەکگرتووبون‌و ڕیکخراوبون هەیە بەدەوری خواست‌و بەرژەوەندییەکانی خۆیدا. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق، لە ڕیزی خەباتی ناڕازیاندا دژ بە جەور ستەم‌و چەوسانەوەو سەرکوتگەری، تاسەر لە پێناو بەرژەوەندییەکانی زۆربەی زۆری خەڵکی کوردستاندا خەبات دەکات‌و پەرچەمی ئازادی‌و یەکسانی هەمیشە بەرز ڕادەگرێت.

**ڕیکخراوی کوردستان**

**حزبی کۆمۆنیستی کرێکاریی عێراق**

2006/7/1